سەرۆک کۆماری عێراق بانگهێشتنامەیەکی فەرمی لە شای سعودیە پێگەیشت

سەرۆک کۆمار عبدوله‌تیف جه‌مال ڕه‌شید ئەمڕۆ ڕۆژی سێشەممە بانگهێشتنامەیەکی فەرمی لە شای سعودیەوە پێگەیشت بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی کۆمکاری عەرەبی. سەرۆکایەتی کۆمار لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند" سەرۆک کۆمارلەکۆشکی بەغداد پێشوازیکرد لە جێگری باڵیۆزی سعودیە لەعێراق سعید قەحتانی، لەدیدارەکەدا قەحتانی بانگهێشتنامەیەکی لە شای سعودیەوە شا سەلمان کوڕی عبدالعزیز ئال سعود پێگەیشت بۆ بەشداریکردن لەخولی نائاسایی کۆمکاری عەرەبی بۆ تاووتوێکرنی هێرشەکانی ئیسڕائیل بۆ سەرغەززە. سەرۆک کۆمار سوپاسی شاسەلمانی کرد بۆ ئەو بانگهێشتنامەیە وئاماژەی بەگرنگی هاوکاری وهەماهەنگیەکان دا لەبابەتە هاوبەشەکان. لەلایەن خۆشیەوە قەحتانی مکووڕی وڵاتەکەی دووپاتکردەوەلەسەر دامەزراندنی پەیوەندی بونیادنەر لەگەڵ عێراقدا بۆ بەرژەوەندیەکانی هەردوولا.